# ڕووماڵی کاروباری تورکیا لە ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا

## توێژینەوەیەکی شیکارییە لە سەر ڕۆژنامەکانی "ڕووداو و ئاوێنە"

## (2015/6/1 بۆ 2016/6/1)

**یەحیا عومەر ڕێشاوی**

بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی – ڕووماڵی کاروباری تورکیا لە ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا- باس لە شێواز و چۆنیەتی مامەڵەکردنی میدیاییانەی ڕۆژنامەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ بابەتە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە کاروباری تورکیا دە کات، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هتد.

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو باسی تیۆری، کە تێیدا چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە کە و چەمکی ڕووماڵی ڕۆژنامەیی لە ڕووی زانستیەوە خراوەتە ڕوو، هەروەها باسێکی پراکتیکی بە سوود وەرگرتن لە میتۆدی ناخشیکاریی بۆ مشتەیەك لە ژمارەکانی ساڵێك لە هەردوو ڕۆژنامەی- ڕووداو و ئاوێنە-، کە دوو ڕۆژنامەی دیاری سەر گۆڕەپانی میدیایی هەرێمی کوردستانن.

**چەمکە کلیل :** ڕۆژنامە، تورکیا، ڕووماڵ، ناخشیکاریی، کوردستان.

## پێشەکی

ڕۆژنامەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بایەخێکی بەرچاو بە کاروبارەکانی تورکیا دەدەن و تیشکی دەخەنە سەر، ئەویش لەبەر چەند فاکتەرێك :

- نزیکی جیۆستراتیجی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و کاریگەرییە سیاسیی و کولتوریی و ئابورییەکانی ئەم نزیکیە .
- بەهۆی ئەوەی تورکیا وڵاتیکی سەنتەرە و کاریگەریی گەورەی لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە هەیە.
- بەهۆی بوونی گەورەترین ڕێژەی هاوڵاتیانی کورد لە تورکیا و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان .
- بایەخدانی دەوڵەتی تورکیا بە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووی سیاسیی و ئابوریی و گەشتوگوزارییەوە .
- پەیوەندییە مێژوویەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، لە دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانییەوە تا ئێستە .
- بوونی هێز و جوڵانەوە چەکدارییەکانی کوردستانی تورکیا و (هاوسۆزی – ململانێ)ی نەتەوەیی ئاڵوگۆڕی نێوانیان و نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق .

لە سۆنگەی ئەم فاکتەرانە و چەندین فاکتەری دیکە، میدیای کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا – بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا- بایەخێکی تایبەت و بەرچاوی بە ڕووماڵکردنی کاروباری تورکیا داوە، ئەوەی چاودێریی میدیای (بینراو و بیستراو و نوسراو و ئەلیکترۆنی) کوردیی بکات، بە ڕوونی ئەو ڕێژە بەرچاوە لە هەواڵ و ڕاپۆرت و وێنە و وتار و چاوپێکەوتن و ژانرەکانی دیکەی ڕۆژنامەیی دەبینێت، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان تیشکیان خستۆتە سەر لایەنێك لە لایەنەکانی کاروباری تورکیا و بە شێوەیەك لە شێوەکان شرۆڤەی دەکەن.

دیارە بایەخدان و ڕووماڵکردنەکە لە هەردوولایە، بەو مانایەی میدیای تورکیش تیشك دەخاتە سەر کاروبارەکانی هەرێمی کوردستان و لایەنە ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕووماڵ دەکات و پانتایی (کات-شوێن)ی بۆ تەرخان دەکات .

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 5، العدد 1(2019) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v5n1y2019.pp99-108

أُستلم البحث في 15 كانون ألثاني 2019؛ قُبل في 10 شباط 2019

ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 12 شباط 2019

البريد الإلكتروني للمؤلف : yahya.fatah@spu.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2019 یەحیا عومەر ڕێشاوی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لێرەوە ئەرکی توێژەران و ئەکادیمیستانە، کە ئاست و ڕادە و ناوەڕۆکی ئەم بایەخدانە شی بکەنەوە و بگەنە هەندێك دەرەنجامی زانستیی و میدیایی و هەوڵ بدەن شرۆڤەی ڕادەی بایەخپێدانی میدیای کوردی بە کاروبارەکانی تورکیا بکەن، ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە بە بەشێك لەم ئامانجە بگات و ئەم کارە ئەنجام بدات.

توێژینەوەکەش خۆی لە سێ باسدا دەبینێتەوە: باسی یەکەم: لایەنی میتۆدیی توێژینەوەکەیە و باسی دووەم : لایەنی تیۆریی لەخۆگرتووە و باس لە ڕووماڵکردنی میدیا دەکات بۆ کاروبارە جۆراوجۆرەکان و لە باسی سێیەمدا، توێژەر بە ڕێگەی (شیکردنەوەی ناوەڕۆك – ناخشیکاریی) شیکردنەوەی بۆ ناوەڕۆکی بایەخدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە بابەتەکانی پەیوەست بە تورکیا کردووە و لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەی ئەنجامداوە .

## باسی یەکەم:
## میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### 1- گرفتی توێژینەوەکە:

توێژینەوەی زانستیی بە مانا بوونی گرفتێك کە دەبێتە خولیای توێژەر و دەیەوێت لایەنە شاراوەکانی بدۆزێتەوە و قسەی لەسەر بکات، سەرچاوەی گرفتی ئەم توێژینەوەیە لەو بۆشاییەوە دێت کە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەیە، سەبارەت بە شیکردنەوەی ناوەڕۆك و شێوازی ڕووماڵی میدیای کوردیی بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە کاروباری تورکیا، لە رووی ژانر و جۆری بابەت و دابەشبوونی بە پێی لاپەرەکان و ژانرو شێوازەکانی دیکەی کاری رۆژنامەیی، هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئاراستە و شێوازی کارکردنی رۆژنامەکانی کوردستان بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە بارودۆخی سیاسی تورکیا بخاتە روو.

### 2- بایەخی توێژینەوەکە:

بایەخی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەم چەند خاڵە دەگەڕێتەوە:

- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بەشداریەك لە دەوڵەمەندکردنی توێژینەوە زانستییەکان لە بواری میدیادا.

- پێویستییەکی ئەکادیمیی و زانستی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە، بە تایبەت بواری ناخشیکاریی و شیرکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ بابەت و ژانرە رۆژنامەییەکان لە رۆژنامەگەریی کوردیدا.

- هەروەها ئەم جۆرە توێژینەوانە خزمەتێك پێشکەش بە کۆمەڵگەی کوردی دەکات بە ئاشنا کردنی ئەوانەی چاودێری بارودۆخی تورکیا دەکەن بۆ شێوازی مامەڵەی رۆژنامەگەریی کوردیی لەسەر ئەم بابەتە .

### 3- پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- ئەو بابەتانە چین کە رۆژنامەکانی کوردستان تیشکی دەخەنە سەر سەبارەت بە تورکیا؟

- چۆن بابەتەکانی پەیوەست بە کاروباری تورکیا لە ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕووماڵ دەکرێن و قسەیان لەسەر دەکرێت ؟

- بەچ شێواز و چ جۆرە فۆرمێك وەردەگرن و لە چ قاڵبێکی رۆژنامەییدا ئەم بابەتانە لە رۆژنامەگەریی کوردیدا بڵاوکراونەتەوە؟

### 4- ئامرازی توێژینەوەکە :

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی (شیکردنەوەی ناوەڕۆك – ناخشیکاریی) و روپێوی سامپڵێك لە هەردوو رۆژنامەی (ڕووداو) و (ئاوێنە)ی بەکارهێناوە، ئەویش لە ماوەی نێوان (2015/6/1 بۆ 2016/6/1)، واتە بۆ ماوەی (ساڵێك) و (4 ژمارە) بۆ هەر مانگێك (هەردوو ڕۆژنامەکە هەفتانە دەردەچن).

توێژەر ئەم دوو رۆژنامەیەی هەڵبژاردووە، چونکە دوو هەفتەنامەی ناسراو و خوێنراوی هەرێمی کوردستانن و کاریگەرییان لەسەر واقیعی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و میدیایی هەیە و لە زۆربەی راپرسیەکاندا لە پلە یەکەمەکان دێن، لە زۆربەی راپرسیەکاندا ئەم دوو رۆژنامەیە لە ریزی پێشەوە دێن،[1] هەروەها ناوچەی جوگرافیش خوێندنەوەی بۆ کراوە، چونکە ڕۆژنامەی (ڕووداو) لە هەولێر دەردەچێت و ڕۆژنامەی (ئاوێنە)ش لە سلێمانی .

### 5- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە ریزی توێژینەوە وەسفییەکانە کە بەربڵاوترین میتۆدە لە توێژینەوە میدیاییەکان لە سەر ئاستی جیهان و لەلایەن زۆرترین توێژەرانی بواری میدیا بەکار دەهێنرێت، توێژینەوەی (وەسفیی) بەمانا: پێدانی وێنەیەکی ورد لەسەر کەسایەتی و ڕووداو و حاڵەتەکان و پێدانی وێنەیەکی ڕوون لەسەر ئەو دیاردەیەیەی کە زانیاری لەبارەوە کۆدەکرێتەوە (نبیل جمعه النجار و ماجد راضی الزغبی، 2008: 34).

### 6- کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:

أ. بواری شوێن: هەرێمی کوردستانی عێراق و شوێنی دەرچوونی هەردوو ڕۆژنامەکە (ڕووداو و ئاوێنە) بریتییە لە (هەولێر و سلێمانی).

ب.بواری کات: توێژەر بە دیاریکراوی ڕۆژنامەکانی نێوان (2015/6/1 تا 2016/6/1) وەك سامپڵی توێژینەوەکە هەڵبژاردوە و پاساوی هەڵبژاردنەکەشی بۆ ئەو ڕووداوانەی لەم ماوەیەدا ڕوویانداوە و ئەنجامدانی دوو هەڵبژاردنی چارەونوسساز لە مێژوی تورکیادا دەگەڕێتەوە.

ج. سامپڵی توێژینەوەکە: سامپڵی توێژینەوەکە سامپَلێکی ویستراوە کە پێکهاتووە لە ژمارەکانی ساڵێك لە هەردوو رۆژنامەی (ئاوێنە و رووداو)، 48 ژمارە بۆ هەردوو رۆژنامەکە، واتە 96 ژمارە .

### 7- چەمك و زاراوەکان:

لەم توێژینەوەیەدا چەند چەمك و زاراوەیەك بەکار هاتوون، کە پێویستییان بە ڕونکردنەوە و پێناسە کردن هەیە، لەوانە:

أ. ڕووماڵ: بەمانا بایەخ و شێوازی شرۆڤە و قسە لەسەر کردنی میدیا بۆ بابەتێکی دیاریکراو، ئەو شێوازە خۆی لە ژانرە ڕۆژنامەییە باو و ناسراوەکاندا دەبینێتەوە، وەك: وتار، ڕاپۆرت، چاوپێکەوتن، کاریکاتێر، هەواڵ و جۆرەکانی دیکە .

ب.کاروباری تورکیا: سەرجەم ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە وڵاتی تورکیاوە، وەك: بابەتی (سیاسیی، ئابوریی، زانستیی، هونەریی، ئاینیی، کۆمەڵایەتیی...هتد) کە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بایەخییان پێدراوە و ڕووماڵ کراون .

ج. ڕۆژنامە: ڕۆژنامە چاپکراوێکی خولییە کە هەواڵە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و زانستیی... هتد بڵاو دەکاتەوە و ڕاڤەیان دەکات و کۆمێنتیان لەسەر دەنوسێت، هەروەها بە پێی دەروازەی یاسایی، ڕۆژنامە: چاپکراوێکە کە بە ناوێك و بەشێوەیەکی بەردەوام لەکاتی دیاریکراودا دەردەچێت (خلیل صابات و جمال عبد العظيم، 2001: 57) ، ئەگەرچی لەسەرەتاوە چەمکی

کاری ڕۆژنامەیی تەنها گواستنەوەی هەواڵ بوو، بەڵام ئەم چەمکە ئێستە فراوانتربووە بۆ شیکردنەوەی ڕووداوەکان و جوڵاندنی ڕای گشتی و هۆشیارکردنەوە و زۆر ئەرکی گرنگتر (عبدالرزاق محمد الدليمي، 2011: 71).

هەندێك ڕۆژنامەگەریی وەك پیشە سەیر دەکەن و هەندێکیش بە دەستەواژەیەکی گشتگیر بۆ سەرجەم شێوازەکانی کاری میدیایی لە بینراو و بیستراو و نوسراو دایدەنێن، واتە ڕۆژنامەگەریی جیاوازە لە ڕۆژنامەنووس و ئەو کارەیە کە کۆی پرۆسەی کاری میدیایی دەگرێتەوە لە دەزگا میدیاییەکە و ڕۆژنامەنوس و ناوەڕۆکە ڕۆژنامەییەکە (علی كنعان، 2014: 47).

## باسی دووەم
## چەمکی (ڕووماڵی میدیایی)

میدیا پردی پەیوەندی نێوان ڕووداوەکان و جەماوەرە، لە ڕێگەی کەناڵە میدیاییەکانەوە جەماوەر زانیاریی دەست دەکەوێت و بە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان ئاشنا دەبێت و کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات، سەرچاوەی زۆرێك لە زانیاریەکانمان و پاشتر دروستبونی (وێنەی زیهنی) لەسەر کەسایەتی یان شوێنێك یان نەتەوە و وڵاتێك، زۆربەی کات لە ڕێگەی میدیاوە دروست دەبێت، چون ئەرکی سەرەکی میدیا گواستنەوەی هەواڵ و ڕووماڵکردنی ئەوەیە کە لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت .

ڕووماڵ بەمانای بایەخدان و پێدانی (کات – شوێن) لەلایەن کەناڵە میدیاییەکە بە ڕووداوێکی دیاریکراو یاخود: ئەو پرۆسەیەیە کە تێیدا ڕۆژنامەنووسەکە زانیاریی و وردەکاریی و پێشهەچوونەکانی ڕووداوێك یان لێدوانێك دەخاتە ڕوو، بە مانایەکی دیکە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە بە خەیاڵی وەرگر و خوێنەرو بیسەر و بینەری پەیامەکە میدیاییەکەدا دێن و بتوانێت پێیان بڵێت (کێ ؟ کەی ؟ لە کوێ ؟ بۆ ؟ چۆن ؟) ئەو ڕووداوە ڕوویداوە .

ڕووماڵکردن لایەنێکی گرنگی دونیای میدیا پێك دەهێنێت و لە ڕێگەی ڕووماڵکردنەوە وەرگری پەیامی میدیایی بەردەوام پەیوەست دەکرێت بە ڕووداوەکانەوە و فاکتەرێکی پربایەخە بۆ دروستبونی وێنا و ڕاوبۆچون و ئاراستە و کاریگەریی لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەری ڕوو دەدەن (باسم وحيد جوني و هدى فاضل عباس، 2013: 130)، چەندێك دەزگا میدیاییەکە جەخت لە بابەتێکی دیاریکراو بکاتەوە و ڕووماڵی بکات ئەوەندە کاریگەریی دروست دەکات (نزهت محمود نفل و محمود عبود مهدى ، 2011: 28)، وەك چۆن لە تیۆرەکانی (پشت بەستن بە ئامرازەکانی میدیا) و (ئەجێنداسازیی) بە درێژیی باسی لێوە کراوە .

دیارە ڕووماڵکردنیش سەرجەم ژانرە ڕۆژنامەییەکان دەگرێتەوە وەك: هەواڵ و ڕاپۆرت و وتار و چاوپێکەوتن، واتە هەریەك لەوانە لایەنێك لە لایەنەکانی ڕووداوەکە ڕووماڵ دەکەن و بە کۆی بەکارهێنانی سەرجەم یان زۆربەی ژانرە ڕۆژنامەییەکان وێنەیەکی تا ڕادەیەکی زۆر تەواوکارمان لەسەر ڕووداوێکی دیاریکراو دەست دەکەوێت لەلایەن دەزگا میدیاییەکەوە .

پسپۆرانی بواری میدیا پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ (ڕووماڵی میدیایی) داناوە، لەوانە: پرۆسەی دەستخستنی زانیاریی و وردەکاریەکانی تایبەت بە ڕووداوێکە بە جەختکردنەوە لە شوێن و کارەکتەر و کاتی ڕووداوەکە، یاخود: پرۆسەی وەرگرتنی زۆرترین ڕێژە لە زانیاری سەبارەت بە ڕووداوێکی دیاریکراو بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی دەزگا میدیاییەکە بۆ پرسێك کە جێبایەخی خەڵك بێت (سایتی ڕۆژنامەی ئەلزەمان.(https://www.azzaman.com/?p=75075 )

یاخود پرۆسەی گەشتن بە زانیاری و وردەکاریەکانی پەیوەست بە ڕووداوێکی دیاریکراو و ڕووماڵکردنی فاکتەرەکان و شوێن و کاتی ڕوودانی و ناوی بەشداربوانی و سەرجەم ئەو وردەکاریانەی وا دەکات لە ڕووداوێك کە بۆ بڵاوکردنەوە بشێت (فاروق ابو زيد، 2008: 255).

ڕووماڵکردن بە شێوازی جۆراوجۆر پۆلێن دەکرێت:

بە پێی ناوەڕۆکی ڕووماڵکردنەکە دوو جۆری سەرەکی هەیە :

یەکەم: ڕووماڵکردنی بابەتییانە، واتە دەزگا میدیاییەکە هەوڵ بدات سەرجەم کارەکتەرەکانی ڕووداوەکە بدوێنێت و زۆربەی لایەنەکانی شرۆڤە بکات، بێ ئەوەی هەوڵ بدات بەرەو ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی ببات یان بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراو بێت، هەرچەند ئەمە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەستەمیش نییە .

دووەم: ڕووماڵکردنی لایەنگرانە، واتە دەزگا میدیاییەکە بۆ ئەجێندایەکی تایبەت و بۆ بەرژەوەندیەکی دیاریکراو، ڕووماڵی ئەو ڕووداوە دەکات و کەمتر ڕەچاوی پرنسیبەکانی کاری ڕۆژنامەیی تێدا دەکرێت، دەزگا میدیاییەکە بەم کارەی تیشك دەخاتە سەر لایەنێك لە لایەنەکانی ڕووداوەکە و ڕووماڵی دەکات و هەندێ لایەنی دیکەی فەرامۆش دەکات .

خۆ ئەگەر بمانەوێت باس لە چۆنیەتی ڕووماڵکردن بکەین لە لایەن ڕۆژنامەنوسەوە، ئەوا پێویستە ببەستینەوە بە بەرپرسیارێتیی، لەو ڕوانگەوە کە ڕۆژنامەنووس لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵێکدا و گواستنەوەی بۆ وەرگرەکانی، دابڕاو نییە لە کۆمەڵگەکەی و پێویستە بە ئەمانەت و هەستی بەرپرسیارێتی ئەم هەواڵە بگوازێتەوە، بە مانا ڕووماڵکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بە ئەندازەی ئەوەی ئامرازێکە بۆ هۆشیارکردنەوە و پێدانی زانیاریی و سەقامگیری کۆمەڵایەتیی و ئامانجە باڵاکانی دیکەی کاری میدیایی (محمد حسام الدين، 2003: 111).

بە پێی شێوازی ڕووماڵکردنەکەش بۆ ئەم شێوازانەی خوارەوە دابەش دەبێت :

یەکەم: ڕووماڵی پێشوەخت و دەستپێك، ئەو جۆرەیە کە پێش ڕووداوەکە دەکەوێت و زانیاری دەداتە وەرگر .

دووەم: ڕووماڵی ڕاپۆرتیانە، ئەو جۆرەیە کە دوای ڕووداوەکە ئەنجام دەدەرێت و بڵاو دەکرێتەوە و وردەکاریەکانی دەخرێتە ڕوو .

سێیەم: ڕووماڵی بەدواداچوون، ئەو ڕووماڵەیە کە بەدوای وردەکاریەکانی ڕووداوەکە دەڕوات و گەشەکردنەکانی دەخاتە ڕوو (فاروق ابو زيد، 2008: 256).

هەندێکیش دەیکەنە 3 شێواز :

1- ڕووماڵی بێلایەنانە Objective News reporting: واتە ڕۆژنامەنووسەکە تەنها ڕاستییەکان دەخاتە ڕوو، بێ بوونی ئەجێندا و ڕای تایبەتی خۆی و بێ ئەوەی هیچ ڕاڤە و گۆشەنیگایەك بخاتە ڕوو .

2- ڕووماڵی ڕاڤەکارانە Interpretative News reporting: واتە ڕۆژنامەنوسەکە دەگەڕێت بە شوێن ئەو زانیارییانەی کە دەبنە پاڵپشت بۆ ڕووماڵکردنەکە و یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە ناتوانن لە هەواڵەکان بگەن یاخود کاتیان نییە بۆ تێگەشتنێکی باشتر.

3- ڕووماڵی لایەنگرانە Advocacy News reporting: بەوەی

ڕۆژنامەنوسەکە تیشك دەخاتە سەر لایەنێك لە ڕووداوەکە و لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکات (أنواع التغطيه الخبرية، http://www.siironline.org/alabwab/alhoda-culture/021.html).

ئەمڕۆ جیاواز لە سەدەیەك لەمەوبەر دەستخستن و بڵاوکردنەوە و ڕووماڵی میدیایی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەردا هاتووە، ئەگەر جاران هەواڵ و ڕووداوەکان لەسەرچاوە فەرمییە میدیاییەکانی وەك ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕۆژنامە و کەناڵە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیەکانەوە وەدەست دەخرا، ئەوا ئەمڕۆ بەشێکی ئەو ڕووماڵکردنە لە لایەن هاوڵاتی ئاسایی و ئەوەی پێی دەوترێت (هاوڵاتی ڕۆژنامەنوس – ڕۆژنامەنووسی هاوڵاتی) ئەنجام دەدرێت، واتە ڕەگەز و کاراکتەرێکی دیکە بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان پەیدابووە و لە ڕێگەی سایتە کەسیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت و کەسە ئاساییەکان دەبنە بەشداریکی کارا لە ڕووماڵی هەواڵەکان لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی بابەت و هەواڵ و پێدانی داتا و زانیاریی کە خۆیان وەری دەگرن و بڵاوی دەکەنەوە (رحيم زيد، 2013: 16)، بەجۆرێك هەندێك جار وەرگرەکان جارێکی دیکە دەبنەوە سەرچاوە بۆ دەزگا میدیاییەکان و دەزگا میدیاییەکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سایتە کەسییەکانەوە هەواڵ و زانیاریان دەست دەکەوێت و پاشتر پرۆسەی (ڕووماڵکردن) ئەنجام دەدەن. (نها السيد عبد المعطى، 2015: 11).

## باسی سێیەم: لایەنی پراکتیکیی

## شیکردنەوەی ناوەرۆکی هەردوو ڕۆژنامەکە (ڕووداو وئاوێنە)

بۆ ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و ناخشیکاریی، توێژەر هەستاوە بە دیاریکردنی سامپڵێك (مشتەیەك) لە هەردوو ڕۆژنامەی (ڕووداو و ئاوێنە) بۆ ماوەی ساڵێك لە (1-6-2015 بۆ 1-6-2016)، پاشان توێژەر فۆرمێکی سەرەتایی ئامادەکرد، کە پێکهاتبوو لە چەند بوارێك:

- بواری دابەشبوونی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە بە پێی لاپەرەکان.
- دابەشبوونی بابەتەکان بە پێی ژانرەکان .
- دابەشبوونی بابەتەکان بە پێی جۆری بابەتەکان.
- دابەشبوونی بابەتەکان بەپێی سەرچاوەکان.
- دابەشبوونی بابەتەکان بە پێی نووسەرەکان.
- دابەشبوونی بابەتەکان بە پێی قەبارەی بابەتەکان .
- دابەشبوونی بابەتەکان بە پێی هەڵوێستیان لەمەر ئاراستە سیاسیەکانی تورکیا.

ئەم بوارانە بە جۆرێك دانران کە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بگونجێت پاش ڕاوێژکردن بە چەند مامۆستایەکی پسپۆڕ،[2] کە پلەی زانستییان هەیە و لەم بوارەدا ئەزموونیان هەیە و سوود لە سەرنج و تێبینیەکانیان وەرگیرا، پاشان ڕێژەی سەدی بۆ ژمارەکان دەرهێنرا .

### یەکەم: خشتەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەی (ڕووداو)

(تۆڕی میدیایی ڕووداو)- وەك لە دیجتاڵمیدیای (ڕووداو) دا هاتووە- (http://www.rudaw.net/sorani/about گرووپێکی میدیایی سەربەخۆی کوردیی ئازادە، لە بوارەکانی میدیای بینراو و بیستراو (بەشێوەی کاغەز و دەنگ و ڕەنگ و ئەلەکترۆنی) بەرهەمەکانی پێشکەشی خەڵك دەکات. تۆڕی میدیایی ڕووداو کۆمپانیایەکی قازانجویستە، بەڵام گەیاندنی زانیاریی ڕاست و بەشداریکردن لە چەسپاندنی پایەکانی ئازادیی ڕادەربڕین بە گرنگتر دەزانێت لە دەستخستنی قازانجی مادی. هەروەها لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بەرهەمەکانیدا خۆی بە سنوورێکی جوگرافیایی دیاریکراوەوە نابەستێتەوە و دیدێکی جیهانییانەی هەیە بۆ کارکردن.

خشتەی ژمارە ( 1 )

دابەشبوونی بابەتەکان بە پێی لاپەرەکانی ڕۆژنامەی (ڕووداو)

| لاپەرە | دوبارە | ڕێژەی سەدیی % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| ١-٢ | ٦ | ٢.٦٤٣ | ٨ |
| ٣-٤ | ٢٥ | ١٥.٤١٨ | ٣ |
| ٥-٦ | ١٠٤ | ٤٥.٨١٤ | ١ |
| ٧-٨ | ١٢ | ٥.٢٨٦ | ٥ |
| ٩-١٠ | ٩ | ٣.٩٦٤ | ٧ |
| ١١-١٢ | ٣ | ١.٣٢١ | ١١ |
| ١٣-١٤ | سفر | سفر | ١٢ |
| ١٥-١٦ | ٥ | ٢.٢٠٢ | ٩ |
| ١٧-١٨ | ١٠ | ٤.٤٠٥ | ٦ |
| ١٩-٢٠ | ٤ | ١.٧٦٢ | ١٠ |
| ٢١-٢٢ | ١٣ | ٥.٧٢٦ | ٤ |
| ٢٣-٢٤ | ٣٦ | ١٥.٨٦٩ | ٢ |
| کۆ | ٢٢٧ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

بە پێی خشتەی ژمارە (1) و داتا و ڕێژەکان، لاپەرەکانی (5-6)ی ڕۆژنامەی (ڕووداو) زۆرترین بابەتی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بە ڕێژەی (45.814%) و پاش ئەوە لاپەرەکانی (23-24) دێت بە ڕێژەی (15.869%) و لە پلەبەندی سێیەم لاپەرەکانی (3-4) دێت بەڕێژەی (15.418%) و بەم شێوەیە، کەمترین بابەتی بڵاوکراوە لە لاپەرە (11-12) یە، کە ڕێژەی (1.321%) بەرکەوتووە و لە لاپەرەکانی (13-14)ش هیچ بابەتێکی پەیوەست بە کاروباری تورکیا تێدا بڵاونەکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە ( 2 )

ژانری بابەتە بڵاوکراوەکان لە (ڕووداو)

| ژانر | دوبارە | ڕێژەی سەدیی % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| ڕاپۆرت | ٨٤ | ٣٧.٠٠٤ | ١ |
| هەواڵ | ٣٨ | ١٦.٧٤٠ | ٣ |
| چاوپێکەوتن | ٣٣ | ١٤.٥٣٧ | ٤ |
| وتار | ٦٥ | ٢٨.٦٣٤ | ٢ |
| دیکە | ٧ | ٣.٠٨٣ | ٥ |
| کۆ | ٢٢٧ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

لە خشتەی ژمارە (2) دا دەرکەوتووە کە زۆرترین بایەخ بە (ڕاپۆرت) دراوە و پلەبەندیی یەکەمی هێناوە بە ڕێژەی (37%)، ئەمەش ئاماژەیە بە بایەخدانی ڕۆژنامەکە بە ژانری ڕاپۆرت و خستەرووی زانیاری سەبارەت بە ڕووداوەکانی پەیوەست بە کاروباری تورکیا، پاشان (وتار)ەکانی ڕۆژنامەی (ڕووداو) بە پلەی دووەم بە ڕێژەی (28%) دێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بایەخدانی ڕۆژنامەکە بە دەرخستنی ڕاوبۆچونی جۆراوجۆر لەسەر کاروباری تورکیا و زۆرینەی وتارەکانیش وتاری (سیاسی)ن، لە پلەبەندی سێهەم ژانری (هەواڵ) دێت کە ڕێژەی (16%)ی بەرکەوتووە، و دوا ژانر (چاوپێکەوتن)ە بە ڕێژەی (14%) .

خشتەی ژمارە ( 3 )

جۆری بابەتە بڵاوکراوەکانی تایبەت بە کاروباری تورکیا لە (ڕووداو)

| ژانر | دووبارە | ڕێژەی سەدی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سیاسی | ١٩٧ | ٨٦.٧٨٤ | ١ |
| هونەر | ١١ | ٤.٨٤٥ | ٢ |
| ئاینی | ١ | ٠.٤٤٠ | ٤ |
| وەرزشی | - | سفر | |
| ڕیکلام | ٣ | ١.٣٢١ | ٣ |
| ئەدەبی | - | سفر | |
| ئابوری | ١١ | ٤.٨٤٥ | ٢ دووبارە |
| کۆمەڵایەتی | ١ | ٠.٤٤٠ | ٤ دووبارە |
| دیکە | ٣ | ١.٣٢١ | ٣ دووبارە |
| کۆ | ٢٢٧ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

بە پێی خشتەی ژمارە (3)، بابەتی (سیاسی) زۆرترین ڕێژەی وەرگرتووە بە ڕێژەی (86%)، کە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆرە و زۆرترین پانتایی لە ڕۆژنامەی (ڕووداو) دا داگیر کردوە، فاکتەرەکەشی ڕوونە، کە بۆ ئەو ژینگە سیاسیە دەگەڕێتەوە کە لە ناوچەکەدا هەیە و کاریگەری ڕووداوە سیاسییەکانی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان، هەردوو بواری (ئابوری و هونەر) بە ڕێژەی (11%) دێت، پاشان (ڕیکلام) بەڕێژەی (3%) و (دیکە) (1%) و ئاینی و کۆمەڵایەتی (0.440%) و بوارەکانی (وەرزشی و ئەدەبی) هیچ ڕێژەیەکیان بەدەست نەهێناوە هیچ بابەتێك لەو دوو بوارەدا بڵاونەکراونەتەوە.

خشتەی ژمارە ( 4 )

سەرچاوەی هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن لە (ڕووداو)

| سەرچاوەی بابەت | دووبارە | ڕێژەی سەدی % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| دەزگا میدیایی و ئاژانسە جیهانیەکان | ١٥ | ٩.٦٧٧ | ٢ |
| سەرچاوەی تایبەت بە ڕۆژنامەکە | ١٤٠ | ٩٠.٣٢٢ | ١ |
| کۆ | ١٥٥ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

خشتەی ژمارە (4) و داتاکان ئەوە دەردەخەن کە ڕۆژنامەکە بە ڕادەیەکی زۆر پشتی بە خۆی بەستوە بۆ دەستخستنی هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن بە ڕێژەی (90%) کە ئەویش ڕێژەیەکی بەرزە، و ئاماژەیە بە توانای ڕۆژنامەکە لە ڕووی سەرچاوە ناوخۆییەکانی و سوود وەرگرتن لە پەیامنێرەکانی بۆ دەستخستنی هەواڵ و زانیاری، پاشان دەزگا میدیایی و ئاژانسە جیهانیەکان بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (9%) .

خشتەی ژمارە ( 5 )

نوسەری وتارەکان

| نوسەر | دوبارە | ڕێژەی سەدی % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| کورد | ٥٦ | ٨٦.١٥٣ | ١ |
| بیانی | ٩ | ١٣.٨٤٦ | ٢ |
| کۆ | ٦٥ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

لەم خشتەیەدا کە تایبەتە بە نووسەری وتارەکانی ڕۆژنامەی (ڕووداو) و خشتەی ژمارە (5)، دەردەکەوێت کە زۆرینەی نوسەرانی ڕۆژنامەکە نووسەری کوردن بە ڕێژەی (86%) پاشان نوسەرانی ناکورد و بیانی دێن بە ڕێژەی (13%)، کە ئاماژەیە بۆ زیادبوونی بایەخدانی نووسەرانی کورد بە کاروباری تورکیا و پەیدابوونی پسپۆرتی بۆ کاروباری تورکیا لە نێو نووسەرانی کورد.

خشتەی ژمارە ( 6 )

قەبارەی بابەتە بڵاوکراوەکان

| قەبارە | دوبارە | ڕێژەی سەدی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە نیو لاپەرە | ٨٥ | ٣٧.٤٤٤ | ٢ |
| نیو لاپەرە | ١٠٧ | ٤٧.١٣٦ | ١ |
| زیاتر لە نیو لاپەرە | ١٩ | ٨.٣٧٠ | ٣ |
| یەك لاپەرە | ١٦ | ٧.٠٤٨ | ٤ |
| کۆ | ٢٢٧ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

لە خشتەی ژمارە (6) دەردەکەوێت کە زۆرینەی بابەتەکان قەبارەی (نیو لاپەرە) یان

داگیر کردوە بەرێژەی (47%) و پاشان (کەمتر لە نیو لاپەرە) بە ڕێژەی (37%) و لە پلەبەندیی سێهەم (زیاتر لە نیو لاپەرە) بە ڕێژەی (8%) و لە کۆتایدا ئەو بابەتانەی قەبارەی یەك لاپەرەیان پێدراوە، تەنها ڕێژەی (7%) ی ڕۆژنامەی (ڕووداو)یان داگیر کردوە. کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بایەخدانی ڕۆژنامەکە بەکاروباری تورکیا لە رووی قەبارەوە بە قەبارەی جیاواز و تەرخانکردنی پانتاییەکی باش لە ڕۆژنامەکە بۆ ئەو بوارە.

خشتەی ژمارە ( 7 )

بواری بابەتەکان

| بابەت | دووبارە | ڕێژەی سەدیی % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| پەکەکە و هەدەپە | ٤٧ | ٢٠.٧٠٤ | ٣ |
| کاروباری گشتی تورکیا | ٥٥ | ٢٤.٢٢٩ | ٢ |
| کورد لە تورکیا | ٦٣ | ٢٧.٧٥٣ | ١ |
| ئاك پارتی و ئۆردوگان | ٥ | ٢.٢٠٢ | ٦ |
| تورکیا و عیراق | ٥ | ٢.٢٠٢ | ٦ دوبارە |
| هەڵبژاردنەکانی تورکیا | ٣٢ | ١٤.٠٩٦ | ٤ |
| تورکیا و داعش | ٥ | ٢.٢٠٢ | ٦ دوبارە |
| تورکیا و هەرێمی کوردستان | ٥ | ٢.٢٠٢ | ٦ دوبارە |
| دیکە | ١٠ | ٤.٤٠٥ | ٥ |
| کۆ | ٢٢٧ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

بە پێی ئەم خشتەیەی سەرەوە کە ژمارە (7) ی وەرگرتووە دەردەکەوێت کە بابەتەکانی پەیوەست بە (کورد لە تورکیا) پلەبەندی یەکەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (27%)، ئەمەش ئاماژەیە بە بایەخدانی ڕۆژنامەکە بە کورد لە تورکیا و تایبەتکردنی پانتاییەکی باش بۆ ئەم بابەتە، پاش ئەوە بابەتەکانی تایبەت بە کاروباری گشتی تورکیا بە ڕێژەی (24%)، لە پلەبەندیی سێهەم بابەتەکانی پەیوەست بە (پەکەکە و هەدەپە) بە ڕێژەی (20%) و پاش ئەو و بە ڕێژەی (14%) باس لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا کراوە، و هەریەك لە (ئاك پارتی و ئۆردوگان و تورکیا و داعش و تورکیا و هەرێمی کوردستان تورکیاو عێراق) کەمترین ڕێژەیان بەرکەوتوە بە ڕێژەی (2%) .

خشتەی ژمارە ( 8 )

هەڵوێستەکان لە بابەتەکانی (ڕووداو) سەبارەت بە ئاراستە سیاسییەکانی تورکیا

| هەڵوێست | دوبارە | ڕێژەی سەدیی % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بۆ بەرژوەندی هەدەپە و پەکەکە | ٣٧ | ١٦.٢٩٩ | ٣ |
| دژ بە بەرژوەندی هەدەپە و پەکەکە | ٢٤ | ١٠.٥٧٢ | ٤ |
| بۆ بەرژوەندی ئاك پارتی و حکومەت | ١١ | ٤.٨٤٥ | ٥ |
| دژ بە بەرژوەندی ئاك پارتی و حکومەتی تورکیا | ٧٠ | ٣٠.٨٣٧ | ٢ |
| بێلایەن | ١٠٥ | ٤٦.٢٥٥ | ١ |
| کۆ | ٢٢٧ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

لە خشتەی ژمارە (8)ی تایبەت بە ڕۆژنامەی (ڕووداو) دەردەکەوێت کە نزیك لە نیوەی بابەتە بڵاوکراوەکان کە ڕێژەی (46%) ی بەرکەوتووە (هاوسەنگ)ی تێدا پارێزراوەو ڕۆژنامەکە هەوڵیداوە بابەت و هەواڵەکان وەك خۆی بگوازێتەوە، کە بۆ ڕۆژنامەیەك وا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە دژایەتی ئەم ئاراستە سیاسیە دەکات کارێکی گرنگە، لە پلەبەندیی دووەم و بە ڕێژەی (30%) بابەتەکانی (دژ بە بەرژوەندیەکانی ئاك پارتی و حکومەتی تورکیا) بوون، لە پلەبەندی سێهەم و بەرێژەی (16%) بابەتەکان (بۆ بەرژوەندی هەدەپە و پەکەکە) بوون، پاشان (دژ بە بەرژوەندی هەدەپە و پەکەکە) ڕێژەی (10%) ی وەرگرتووەو لە کۆتایدا و بە ڕێژەی (4%) بابەتەکان چوونەتە خانەی (بەرژوەندی ئاك پارتی و حکومەتی تورکیا)وە.

**دووەم: خشتەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)**

بە پێی ماڵپەری ئاوێنە، ( http://www.awene.com/derbare/)

(ئاوێنە) لەساڵی 2006وە دەستبەکار بووە، سەر بە کۆمپانیای ئاوێنەیە بۆ چاپو بڵاوکردنەوە.کۆمپانیای ئاوێنە، کۆمپانیایەکی سنووردارە لە بواری میدیاو بڵاوکردنەوەدا کاردەکات. موڵکی کۆمەڵێك وەبەرهێنە، کە ئامانج و بنەما سەرەکییەکانی ئاوێنە کۆی کردوونەتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە ئەو پرنسیپەی کە "کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ناتوانن ئازاد بن، تا لەرووی داراییو ئابوورییەوە ئازاد نەبن لە دەسەڵاتو دامودەزگا ڕەسمییەکان". لێرەشەوە پرۆژەیەکە بۆ هاندانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لەبواری میدیادا.کۆمپانیای ئاوێنە، جگە لەوەی خاوەنی ڕۆژنامەی ئاوێنەیە، لە ڕێگای سایتی ئاوێنەوە خزمەتگوزارییە ڕۆژنامەوانییەکانی بە خۆڕایی پێشکەشی هاوڵاتیان دەکات.

خشتەی ژمارە ( 9 )

بابەتەکان لە (ئاوێنە) بە پێی لاپەرەکانی ڕۆژنامەکە

| لاپەرە | دوبارە | ڕێژەی سەدیی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ١-٢ | ٨ | ١٢.٦٩٨ | ٣ |
| ٣-٤ | ٧ | ١١.١١١ | ٤ |
| ٥-٦ | ٦ | ٩.٥٢٣ | ٥ |
| ٧-٨ | ٣ | ٤.٧٦١ | ٧ |
| ٩-١٠ | ٢ | ٣.١٧٤ | ٨ |
| ١١-١٢ | ٣ | ٤.٧٦١ | ٧ دوبارە |
| ١٣-١٤ | ١٤ | ٢٢.٢٢٢ | ١ |
| ١٥-١٦ | ٣ | ٤.٧٦١ | ٧ دوبارە |
| ١٧-١٨ | ١٢ | ١٩.٠٤٧ | ٢ |
| ١٩-٢٠ | ٥ | ٧.٩٣٦ | ٦ |
| کۆ | ٦٣ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

لە خشتەی ژمارە (9) تایبەت بە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دەردەکەوێت کە زۆرترین بابەتەکانی پەیوەست بە تورکیا لەهەردوو لاپەرەکانی (14-13) بڵاوکراونەتەوە بە ڕێژەی (22%)، جیاواز لە ڕۆژنامەی ڕووداو کە لە لاپەرەکانی 5-6 دا زۆرترین بابەت بڵاوکرابوونەوە، پاشان لاپەرەکانی (18-17) کە بە زۆری لاپەری (بیرورا)ن بە ڕێژەی (19%)، لە پلەبەندی سێهەم و بەرێژەی (12%) لاپەرەکانی (2-1) دێن، پاشان هەریەك لاپەرەکانی (4-3 و 6-5 و 20-19) بە ڕێژەکانی (11%و 9% و 7%) و کەمترین بابەت لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) لە لاپەرەکانی (8-7 و 12-11 و 16-15) و لە کۆتایدا و بە ڕێژەی تەنها (3%) لە لاپەرەکانی (10-9) بابەت بڵاوکراوەتەوە.

خشەی ژمارە ( 10 )

ژانەری بابەتە بڵاوکراوەکان لە (ئاوێنە)

| ژانەر | دوبارە | ڕێژەی سەدیی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ڕاپۆرت | ١٣ | ٢٠.٦٣٤ | ٢ |
| هەواڵ | ٦ | ٩.٥٢٣ | ٤ |
| چاوپێکەوتن | ٨ | ١٢.٦٩٨ | ٣ |
| وتار | ٣٠ | ٤٧.٦١٩ | ١ |
| دیکە | ٦ | ٩.٥٢٣ | ٤ دوبارە |
| کۆ | ٦٣ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

بە پێی ژمارە و ڕێژەکانی خشتەی ژمارە (10) تایبەت بە ژانەرەکان نزیك لە نیوەی بابەتەکانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) تەرخان کراوە بۆ وتار و بە ڕێژەی (47%)، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە دەیەوێت زۆرترین بایەخ بە ڕاوبۆچونی نووسەران و پسپۆران بدات سەبارەت بە کاروباری تورکیاو خستنەرووی گۆشەنیگاکان، پاشان ڕاپۆرت بە ڕێژەی (20%) و چاوپێکەوتن بە ڕێژەی (12%) و هەواڵ بە ڕێژەی (9%) کە کەمترین پانتایی لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) بەبەراورد بە ژانرەکانی تر وەرگرتوە، کە ئەمەش ڕەنگە بۆ کەمی پەیامنێر و توانای ڕۆژنامەکە بگەرێتەوە لە دەستخستنی هەواڵ و سازدانی چاوپێکەوتن.

خشتەی ژمارە ( 11 )

جۆری بابەتە بڵاوکراوەکان لە (ئاوێنە)

| جۆری بابەت | دووبارە | ڕێژەی سەدیی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سیاسی | ٥٧ | ٩٠.٤٧٦ | ١ |
| هونەر | ١ | ١.٤٨٧ | ٣ |
| ئاینی | - | سفر | |
| وەرزشی | - | سفر | |
| ریکلام | - | سفر | |
| ئەدەبی | - | سفر | |
| ئابوری | ٥ | ٧.٩٣٦ | ٢ |
| کۆمەلایەتی | - | سفر | |
| دیکە | - | سفر | |
| کۆ | ٦٣ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

لە خشتەی ژمارە (11) دەردەکەوێت کە زۆرترین بابەتی بڵاوکراوە بواری (سیاسیی) داگیر کردوە بە ڕێژەیەکی زۆر (90%)، پاش ئەوە و بە پلەبەندی دووەم بواری ئابوری دێت بە ڕێژەی (7%) و بە ڕێژەیەکی کەم (1%) بواری هونەر دێت، هەریەك لە بوارەکانی (ئەدەب و ئاینی و وەرزشی و ریکلام و کۆمەلایەتی) هیچ بابەتێکیان لەسەر بڵاونەکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە ( 12 )

سەرچاوەی هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن لە (ئاوێنە)

| سەرچاوەی بابەت | دوبارە | ڕێژەی سەدیی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| دەزگا میدیایی و ئاژانسە جیهانییەکان | ٥ | ١٣.١٥١ | ٢ |
| سەرچاوەی تایبەت بە ڕۆژنامەکە | ٢٨ | ٨٤.٨٤٨ | ١ |
| کۆ | ٣٣ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

بەپێی خشتە و داتاکانی ژمارە (12) سەرچاوەی زۆرینەی ئەو بابەتانەی لە (ئاوێنە) بڵاوکراوەنەتەوە خودی ڕۆژنامەکە بوون بە ڕێژەی (84%) و کە ئەوەش ڕێژەیەکی باش و گونجاوە لە پشت بەستن بە توانا خودیەکانی ڕۆژنامەکە، بە ڕێژەی (13%)ش هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنەکان لە دەزگا میدیایی و ئاژانسە جیهانیەکانەوە وەرگیراوە.

خشتەی ژمارە ( 13)

نوسەری وتارەکان لە (ئاوێنە)

| نووسەر | دوبارە | رێژەی سەدیی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بیانی | سفر | سفر | ٢ |
| کورد | ٣٠ | ١٠٠ | ١ |
| کۆ | ٣٠ | ١٠٠ | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

لە خشتەی ژمارە (13) ی تایبەت بە ئاوێنە دەردەکەوێت، کە سەرجەم ئەو وتارانەی لە (ئاوێنە) بڵاوکراوەنەتەوە و بە رێژەی (100%) نوسەرەکانی کوردن و هیچ وتارێك لە لایەن نوسەرانی بیانیەوە لە رۆژنامەکە بڵاونەکراونەتەوە. کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی نوسەرانی کورد کە بایەخ دەدەن بە کاروباری تورکیا و پەیدابوونی پسپۆڕیتی لەم بوارە.

خشتەی ژمارە ( 14 )

قەبارەی بابەتە بڵاوکراوەکان لە (ئاوێنە)

| قەبارە | دوبارە | رێژەی سەدیی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە نیو پەرە | ٣٤ | ٥٣.٩٦٨ | ١ |
| نیو پەرە | ٢٢ | ٣٤.٩٢٠ | ٢ |
| زیاتر لە نیو پەرە | ٥ | ٧.٩٣٦ | ٣ |
| یەك لاپەرە | ٢ | ٣.١٧٤ | ٤ |
| کۆ | ٦٣ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

بە پێی ئەم خشتەیەی سەرەوە کە ژمارە (14)ی وەرگرتووە، نیوەی بابەتەکانی رۆژنامەی (ئاوێنە) و بە رێژەی (53%) کەمتر لە نیو لاپەرەی بۆ تەرخان کراوە لە رۆژنامەکە، پاش ئەوەوە بە رێژەی (34%) قەبارەی نیولاپەرە و پاشان بە رێژەی (7%) زیاد لە لە نیو لاپەرەی بۆ تەرخان کراوە و لە پلەبەندیی سێیەم و تەنها بە رێژەی (3%) یەك لاپەرە لە رۆژنامەکە بۆ بابەتەکانی تایبەت بە تورکیای بۆ تەرخان کراوە.

خشتەی ژمارە ( 15 )

بواری بابەتەکان لە (ئاوێنە)

| بابەت | دووبارە | رێژەی سەدیی% | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| یەکەکە و هەدەپە | ١٥ | ٢٣.٨٠٩ | ١ |
| کاروباری گشتی تورکیا | ٩ | ١٤.٢٨٥ | ٣ |
| کورد لە تورکیا | ٩ | ١٤.٢٨٥ | ٣ دوبارە |
| ئاك پارتی و ئۆردوگان | ٨ | ١٢.٦٩٨ | ٤ |
| تورکیا و عێراق | سفر | سفر | ٦ |
| هەڵبژاردنەکانی تورکیا | ١٤ | ٢٢.٢٢٢ | ٢ |
| تورکیا و داعش | سفر | سفر | ٦ دوبارە |
| تورکیا و هەرێمی کوردستان | ٥ | ٧.٩٣٦ | ٥ |
| دیکە | ٣ | ٤.٧٦١ | ٣ دوبارە |
| کۆ | ٦٣ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

لە خشتەی ژمارە (15) و رێژەکان دەردەکەوێت کە بابەتە بڵاوکراوەکانی (ئاوێنە) تایبەت بە (یەکەکە و هەدەپە) بە پلەی یەکەم دێت بە رێژەی (23%) کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بایەخدانی ئەم رۆژنامە بە تیشك خستنە سەر هەواڵەکانی ئەم دوو هێزە سیاسیەی کە ئاراستەی سیاسیان لە یەکەوە نزیکە، پاشان بابەتەکانی پەیوەست بە (هەڵبژاردنەکانی تورکیا) بە رێژەی (22%) و لە پلەی سێهەم (کاروباری گشتی تورکیا و کورد لە تورکیا) بە رێژەی ( 14%) و پاش ئەوە و بەرێژەی (12%) باسەکانی تایبەت بە (ئاك پارتی و ئۆردوگان) دێت، لە پلەبەندی پێنجەم و بە رێژەی (7%) بابەتەکانی تایبەت بە (تورکیا و هەرێمی کوردستان)، لە کۆتاییدا هەریەك لە بابەتەکانی تایبەت بە (تورکیا و عێراق و تورکیا و داعش) هیچ بابەتێکیان لەسەر بڵاو نەکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە ( 16)

هەڵوێستەکان لە بابەتەکانی(ئاوێنە) سەبارەت بە ئاراستە سیاسیەکان لە تورکیا

| هەڵویست | دوبارە | رێژەی سەدیی % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بۆ بەرژوەندی هەدەپە و یەکەکە | ٢٤ | ٣٨.٠٩٥ | ١ |
| دژ بە بەرژوەندی هەدەپە و یەکەکە | سفر | سفر | ٥ |
| بۆ بەرژوەندی ئاك پارتی و حکومەت | ٥ | ٧.٩٣٦ | ٤ |
| دژ بە بەرژوەندی ئاك پارتی و حکومەتی تورکیا | ٢١ | ٣٣.٣٣٣ | ٢ |
| بێلایەن | ١٣ | ٢٠.٦٣٤ | ٣ |
| کۆ | ٦٣ | | |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر.

لە خشتەی ژمارە (16) و سەبارەت بە هەڵویستەکانی بابەتە بڵاوکراوەکان لە پلەبەندی یەکەم ئەو بابەتانە دێن کە لە (بەرژوەندی هەدەپە و پەکەکە) دەشکێتەوە بە ڕێژەی (38%)، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ نزیکی ئاراستەی کارکردنی ئەم ڕۆژنامەیە لەم دوو هێزە سیاسیە، پاشان ئەو بابەتانەی کە (دژ بە بەرژوەندیەکانی ئاك پارتی و حکومەتی تورکیا)یە بە ڕێژەی (33%) لە پلەی دووەم دێت، هەروەها بابەتە (بێلایەن)ەکان لە پلەی سێهەم و بە ڕێژەی (20%) دێت و سەبارەت بەو بابەتانەی کە (دژ بە بەرژوەندیەکانی هەدەپە و ئاك پارتی)ن هیچ بابەتێك بڵاونەکراوەتەوە.

## ئەنجامەکان

1- ڕۆژنامەی (ڕووداو) زۆرترین بابەتی تایبەت بە تورکیای لە لاپەرەکانی (5-6)دا بڵاوکردۆتەوە بە ڕێژەی (45%)و کەمترین بابەت لە لاپەرەکانی (11-12) دا بڵاوکراوەتەوە بە ڕێژەی (1%)، لە کاتێکدا لە لاپەرەکانی (13-14)ی ڕۆژنامەی ڕووداو هیچ بابەتێك تایبەت بە تورکیا بڵاونەکراوەتەوە.

2- ڕۆژنامەی (ڕووداو) زۆرترین بایەخی بە (ڕاپۆرت) داوە بە ڕێژەی (37%)، پاشان ژانری (وتار) دێت و ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بایەخدانی ڕۆژنامەکە بە دەرخستنی ڕاوبۆچونی جۆراوجۆر لەسەر کاروباری تورکیا و زۆرینەی ڕەهای وتارەکانیش وتاری (سیاسی)ن، لە کاتێکدا (هەواڵ) و (چاوپێکەوتن) بایەخی کەمتریان پێدراوە.

3- بابەتە سیاسییەکان زۆرترین پانتاییان لە ڕۆژنامەی (ڕووداو) بۆ تەرخان کراوە بە ڕێژەی (86%) کە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆرە، فاکتەرەکەشی روونە کە بۆ ئەو ژینگە سیاسیە دەگەڕێتەوە کە لە ناوچەکەدا هەیە و کاریگەریی ڕووداوە سیاسیەکان لەسەر هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا هیچ بابەتێك لە بوارەکانی (وەرزش و ئەدەب)ی تایبەت بە تورکیا بڵاونەکراوەتەوە.

4- ڕۆژنامەی (ڕووداو) بە ڕادەیەکی زۆر بۆ دەستخستنی هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن پشتی بە خۆی بەستووە بە ڕێژەی (90%) کە ئەویش ڕێژەیەکی بەرزە، پاشان دەزگا میدیاییەکان بە پلەی دووەم دێت.

5- زۆرینەی نوسەری وتارەکانی ڕۆژنامەی (ڕووداو) کوردن بە ڕێژەی (86%) پاشان نوسەرانی ناکورد و بیانی دێن.

6- زۆرینەی بابەتەکانی ڕۆژنامەی (ڕووداو) قەبارەی (نیو لاپەرە) یان داگیر کردوە بەڕێژەی (47%) لە کاتێکدا ئەو بابەتانەی قەبارەی یەك لاپەرەیان پێدراوە، تەنها ڕێژەی (7%) ی ڕۆژنامەی (ڕووداو)یان داگیر کردوە.

7- بابەتەکانی پەیوەست بە (کورد لە تورکیا) پلەبەندی یەکەمی لە ڕۆژنامەی (ڕووداو) وەرگرتووە بە ڕێژەی (27%)، پاش ئەوە بابەتەکانی تایبەت بە کاروباری گشتی تورکیا بە ڕێژەی (24%)، لە پلەبەندیی سێهەم بابەتەکانی پەیوەست بە (پەکەکە و هەدەپە)، هەریەك لە (ئاك پارتی و ئۆردوگان و تورکیا و داعش و تورکیا و هەرێمی کوردستان تورکیاو عێراق) کەمترین ڕێژەیان بەرکەوتوە .

8- نیوەی بابەتە بڵاوکراوەکانی (ڕووداو) بابەتی (بێلایەن)ن بە ڕێژەی (46%)، لە پلەبەندی دووەم و بە ڕێژەی (30%) بابەتەکانی (دژ بە بەرژوەندیەکانی ئاك پارتی و حکومەتی تورکیا) دێن، لە پلەبەندی سێهەم و بەڕێژەی (16%) ئەو بابەتانە دێن کە لە (بەرژوەندی هەدەپە و پەکەکە)ن، پاشان بابەتەکانی (دژ بە بەرژوەندی هەدەپە و پەکەکە) بە ڕێژەی (10%)، لە کۆتاییدا و بە ڕێژەی (4%) ئەو بابەتانەی کە دەچنە خانەی (بەرژوەندی ئاك پارتی و حکومەتی تورکیا)ن.

9- ڕۆژنامەی (ئاوێنە) زۆرترین بابەتەکانی پەیوەست بە تورکیا لەهەردوو لاپەرەکانی (13-14) بڵاوکردۆتەوە بە ڕێژەی (22%)، پاشان لاپەرەکانی (17-18) کە بە زۆری لاپەری بیروران بە ڕێژەی (19%)، کەمترین بابەت لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) لە لاپەرەکانی (7-8 و 11-12 و 15-16) و لە کۆتاییدا و بە ڕێژەی تەنها (3%) لە لاپەرەکانی (9-10)دا بابەت بڵاوکراوەتەوە.

10- نیوەی بابەتەکانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) تەرخان کراوە بۆ وتار و بە ڕێژەی (47%) کە ئاماژەیە بە بایەخدانی ڕۆژنامەکە بە خستنەرووی ڕاوبۆچونەکان لەسەر تورکیا، پاشان ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن لە پلەی دووەم و سێهەم دێن و لە کۆتاییدا ژانری هەواڵ دێت کە کەمترین پانتایی لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) بەبەراورد بە ژانرەکانی دیکە داگیر کردوە.

11- ڕۆژنامەی (ئاوێنە) زۆرترین بایەخی بە بابەتە (سیاسیەکان) داوە بە ڕێژەی (90%)، ئەوەش بۆ ئەو ژینگە سیاسیە دەگەڕێتەوە کە لە ناوچەکە و هەرێمی کوردستان هەیە و هەروەها سروشتی ڕۆژنامەکە کە بایەخ بە بابەتە سیاسیەکان دەدات، پاش ئەوە و لە پلەی دووەم و سێهەم بابەتەکانی هەردوو بواری ئابوری و هونەر دێت، لە کاتێکدا هەریەك لە بوارەکانی (ئەدەب و ئاینی و وەرزشی و ریکلام و کۆمەلایەتی) هیچ بابەتێکیان لەسەر بڵاونەکراوەتەوە.

12- سەرچاوەی زۆرینەی ئەو بابەتانەی لە (ئاوێنە) بڵاوکراوەنەتەوە خودی ڕۆژنامەکە بوون بە ڕێژەی (84%).

13- سەرجەم ئەو وتارانەی لە (ئاوێنە) بڵاوکراوەنەتەوە و بە ڕێژەی (100%) نوسەرەکانی کوردن و هیچ وتارێك لە لایەن نوسەرانی بیانیەوە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاونەکراونەتەوە.

14- نیوەی بابەتەکانی ڕۆژنامەی ئاوێنە کەمتر لە نیو لاپەرەی بۆ تەرخان کراوە، لە کاتێکدا بە ڕێژەی (3%) یەك لاپەرە لە ڕۆژنامەکە بۆ بابەتەکانی تایبەت بە تورکیا بۆ تەرخان کراوە.

15- بابەتە بڵاوکراوەکانی ئاوێنە تایبەت بە (پەکەکە و هەدەپە) بە پلەی یەکەم دێت و پاشان بابەتەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکانی تورکیا و لە پلەی سێهەم و چوارەم و پێنجەم بابەتەکانی پەیوەست بە (کاروباری گشتی تورکیا و کورد لە تورکیا و تورکیا و هەرێمی کوردستان) لە کاتێکدا هەریەك لە بابەتەکانی تایبەت بە (تورکیا و عێراق و تورکیا و داعش) هیچ بابەتێکی لەسەر بڵاو نەکراوەتەوە.

16- ڕۆژنامەی ئاوێنە بە پلەی یەکەم ئەو بابەتانەی بڵاوکراوەتەوە کە لە (بەرژوەندی هەدەپە و پەکەکە)ن بە ڕێژەی (38%)، پاشان ئەو بابەتانەی کە (دژ بە بەرژوەندیەکانی ئاك پارتی و حکومەتی تورکیا)ن، هەروەها بابەتە (بێلایەنەکان) لە پلەی سێهەم دێن، لە کاتێکدا ئەو بابەتانەی کە (دژ بە بەرژوەندیەکانی هەدەپە و ئاك پارتی)ن هیچ ڕێژەیەکی وەرنەگرتووە.

## پێشنیارو ڕاسپاردەکان

1- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە میدیای تورکیدا سەبارەت بە هەرێمی کوردستان بڵاوکراونەتەوە.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە تورکیا لە کەناڵە ئاسمانیەکان و رادیۆکان .

3- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە ئاراستەکانی هاوڵاتیانی کوردستان یاخود دەستەبژێری کۆمەڵگەی کوردی، سەبارەت بە گوتاری ئاراستەکراوی میدیای تورکی بۆ هەرێمی کوردستان.

4- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئاراستە و بیروبۆچونی بەکارهێنەرانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە تورکیا.

5- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە ڕوومالی میدیای کوردی بۆ هەڵبژاردنەکانی تورکیا.

6- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە کاریگەری دراما تورکیەکان لەسەر بینەران و کۆمەڵگەی کوردی.

## پەراوێزەکان

1- راپۆرتی ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی وڕێکخراوی NED ی ئەمریکی بۆ ریزبەندی کەناڵە میدیاییەکان لەهەرێمی کوردستان ، رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە 527 – 2016/7/26 لاپەرە 4.

2- ئەو پسپۆرانەی هەڵسەنگاندیان بۆ فۆرمی ناخشیکاریەکە کردبوو:

پ.ی.د.هێرش رەسول – زانکۆی راپەرین

د. شوان ئادەم ئەیڤەس – زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

د. ئەحمەد حەمە غەریب – زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

## سەرچاوەکان

راپۆرتی ڕێکخراوی ستۆپ (527 – 2016/7/26) بۆ دژە گەندەڵی وڕێکخراوی NED ی ئەمریکیبۆ ریزبەندی کەناڵە میدیاییەکان لەهەرێمی کوردستان، رۆژنامەی ئاوێنە

نبيل جمعة النجار و ماجد راضي الزغبي(2008)، أساليب البحث العلمي، دار الحامد للنشر و التوزيع، الأردن.

خليل صابات و جمال عبد العظيم (2001)، وسائل الاتصال، نشاتها و تطورها، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، الطبعة التاسعة.

عبدالرزاق محمد الدليمي (2011)، المدخل الى وسائل الاعلام و الاتصال، دار الثقافة للنشر و التوزيع،الاردن.

علي كنعان (2014)، الصحافة مفهومها و أنواعها، المعتز للنشر والتوزيع، الأردن.

باسم وحيد جوني و هدى فاضل عباس (العدد 20، 2013)، التغطية الخبرية في الصحافة الالكترونية العراقية للازمات الداخلية، مجلة الباحث الاعلامي.

نزهت محمود نفل و محمود عبود مهدي (العدد 14، 2011)، التغطية الصحفية لقضايا حقوق الانسان في العراق، مجلة الباحث الاعلامي.

سايتي رۆذنامەى (ئەلزەمان) https://www.azzaman.com/?p=75075

فاروق ابو زيد (2008)، فن الخبر الصحفي، دار و مكتبة الهلال، بيروت

محمد حسام الدين (2003)، المسئولية الاجتماعية للصحافة، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.

أنواع التغطية الخبرية

http://www.siironline.org/alabwab/alhoda-culture/021.html

رحيم زيد (2014)، أخلاقيات الإعلام الجديد، المديرية العامة للصحافة و الطباعة و النشر، دهوك،

نها السيد عبد المعطي (2015)، صحافة المواطن، دار الكتاب الجامعي، الامارات العربية المتحدة.

ديجيتاڵ میدیای ڕووداو: http://www.rudaw.net/sorani/about

سايتي ئاوێنة: http://www.awene.com/derbare/